# کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کەسایەتیەکی گەورەی لەدەستدا!

لەلێدان کەوتنی دڵی کەسایەتیەکی ئینساندۆستی مەزن و رابەریگی گەورەی کۆمۆنیستی کریکاری منصور حکمت ( ژوبین رازانی )، رۆژی پینج شەممە ریکەوتی ٢٠٠٢/٧/٤ گەورەترین کارەساتی دوو دەیەی بزوتنەوەکەمان ( بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی کریکاری ) بوو، وە مرۆڤایەتی ئەمرۆ کەسایەتیەکی گەورەی، کە پاش لینین دنیا بەخۆیەوە بینی بوو لەدەست دا.

ناوی منصور حکمت لەولاتانی ئیران و عیراق و کوردستان لەگەل کۆمۆنیزمی کریکاری تیکەل بەیەك بووە، ناوی منصور حکمت رەمزی ئینسانیەت و عەدالەت خوازی دنیای ئەمرۆیە، لە هەر یەکیك لەو ولاتانەدا باس لە ئایندەیەك و ژیانیکی باش بۆ منالان و لاوان دەکری، داوای حورمەتی ئینسانی بۆ ژنان ئەکری، قسە لەسەر یەکسانی ژنان و پیاوان ئەکری، بەدژی ئیعدام و لەسەر چارەنوسی خەلکی کوردستان قسە ئەکریٚ، یەکسەر بە منصور حکمت و کۆمۆنیزمی کریکاری یەوە تداعی دەکریت و دەناسریتەوە، ئەگەر پەیوەندیەکی ریکخراوەیش بە منصور حکمت و حزبەکانیەوە نەبیت، باس لەو شتە ئینسانیانە بکری ئەوا سەر بە منصور حکمت و کۆمۆنیزمی کریکاری ناو زەد دەکریٚ. واتە منصور و بزوتنەوەکەی رەمزی یەکسانیو عەدالەت خوازیو ئینسانیە، بەلام سەد حەیف رۆژگار لەشانسی بزوەتنەوەکەمان و چینی کریکار نەبوو، نەخۆشی لیٚی سەندین...

هەفتەیەك لەئاوا بونی خۆری ژیانی منصور حکمت تیدەپەریت و ناوی منصور و خەبەری منصور بەردەوام قارەکان دەبریٚت، بۆ ساتیکیش هاوریانی منصور و ئاشنایی ئەم بیرمەندە مەزنە لە پەیوەندیەکانیاندا سەبارەت بە داخ و ئەسەفی مال ئاوایی کە منصور لیٚی کردین بیدەنگ نەبوون، نامەو پەیوەندیە تلفونیەکانی دلنەواییو هاودەردیو هاوسەنگەری بۆ هاوریکانی منصورو حزبەکانیو ئەندامانی خیزانەکەی نەوەستاوە... سەرەخۆشی کەسایەتیە چەپ و ئینساندۆستەکانی ئەوروپاو کەسوکار لیمان و بەسەر کردنەوە، هەمووی رەنگدانەوەی چالاکیەکانی منصورە لەسەر دنیای دەرەوەو بەرچاوە، سەد حەیف مرۆڤایەتی کەسایەتیەکی وای لەدەست چوو، کە هیشتا زوو بوو بۆ لەلیدان کەوتنی دلی و مال ئاوایی کردنی، کەدنیای ئەمرۆ پیویستیەکی زۆری پیٚی هەبوو بۆ ئالوگۆرەکانی سبەینیٚ بەرەو دنیایەکی باشتر...

لەدوو دەیەی رابردودا منصور حکمت کۆمۆنیزمی مارکسی لە ناو گیژاو و تە پوتۆزی سوسیالیستە جۆراوجۆرەکاندا دەرهیناو لەدەستی هات و هاواری دنیای سەرمایەداریو بۆرژوازیو سەرمایەداران بۆ مەرگی کۆمۆنیزم، بە بەرگریەوە بەرز راگرت و ئالای سوری زندویەتی مارکسیزم و دنیای ئەمرۆ پیویستی بەمارکس هەیە، کۆمۆنیزم بەرهەقەو کۆمۆنیزمی کریگاری وەك دریژە پیدەری ریگای مارکس و لینین دریژە پیدا، وە دەوری بەرچاوی خۆی بینی وەك قوتبیك لە دنیای ئەمرۆدا، چ لە پیکهینانی دوو حزب و چ تاسیراتی لەسەر دنیای دەرەوەو بەمشخصی لە عیراق و ئیران و کوردستان...

منصور حکمت مارکس و لینینی ئەم سەردەمە بوو، سەد حەیف بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی کریکاو ئینسانیەتی ئەمرۆ و بزوتنەوەی کریکاری بە کوژانەوەی مۆمی ژیانی منصور حکمت زەرەریکی گەورەیان لیکەوت. بەلام منصور هەر وەك چۆن مارکس و لینین بەفیزیکی لەگەلماندا نین و مەجود نین، بەلام تیۆرەکانی، باسەکانی، تەوجوهو ریناماییەکانی و پراکتیکیك بۆ گۆرینی دنیای ئەمرۆ بۆ دنیایەکی باشتری شیاوی ئینسانی لەگەلماندیە و لەبەردەستماندایە و رینیشاندەری پراتیکی کۆمەلایەتە بۆ ئالوگۆر بەرەو دنیایەکی باشتر، دەبیت دەستیان پیوە بگرین و بەرز رایان بگرین.

نوری بەشیر

لەندەن

٢٠٠٢/٧/١١